# سەروەریی کەمینە بەبێ خۆشباوەڕیی و ئامادەیی زۆرینەی کۆیلە هەرگیز خۆی ڕاناگرێت

هەژێن

٢٤ی فێبریوەری ٢٠١٥

پێچەوانەی دەرکی ڕەخنەگرانی دەسەڵاتخواز لە سیستەمی چینایەتی، کەمینەی سەروەر لە ئاسمانەوە نەباریوە و هەروەها هێز و تەلیسمێکی جادوویی یا ئاسمانی سەروەریی ئەوانی ڕانەگرتووە.

نەخێر، ر هەڵدان و مانەوەی سیستەمی چینایەتی زادەی خۆشباوەڕیی و ئامادەیی و ملدانی زۆرینەی ژێردەستەیە بە سەروەریی کەمینە. ا خۆشباوەڕیی و ئامادەییەك لەخۆوە سەریهەڵنەداوە، نەخێر، هەزاران ساڵە ئایینەکان و نەژادپەستی و ناسیونالیزم و فیلۆسۆفان و ڕامیاران و ئیدئۆلۆگەکان اکە ژێردەستەکان ۆ سیستەمی چینایەتی پەروەردەدەکەن و خۆشباوەڕیی و ئامادەیی بۆ کۆیلەتی لە دایك خێزانەوە بۆ منداڵ، لە پەرستگە و فێرکارەوە بۆ کار، لە ئیدئۆلۆگ و ڕامیا بۆ پاشرەوان دەگوێزرێتەوە و لەتەك شیر و قەراخەناندا دەرخواردی تاکە ژێردەستەکان دەدرێت.

بێجگە لەوەش، ئەوە هەر خودی زۆرینەی خۆشباوەڕە دەبێتە سەرباز و پۆلیس و سیخوڕ و بەکرێگیراو و ئەشکەنجەدەر اسەوان و تیرۆریست و شۆڤێنیست و فاشیست و سیستەمی کۆیلـتی خۆی و سەروەریی چەوسێنەرانی ڕادەگرێت. لەبەرئەوە ئاراستەکردنی ڕەخنە بەتەنیا ەران وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە باریبن، دەچێتە خانەی گلەیی و ئامۆژگاریکردنی چەوسێنەران و تەنیا خۆشباوەڕیی تاکی ژێردەست بە ئەگەری هاتنی سەروەر و دەوڵەت و فەرماندار و زیندانەوانی باش قوڵتر و بەهێزتر و فراوانتردەکات.

ئەگەر بەڕ ستی ئێمە دژی چەو وەین، دژی مشەخۆریی و سەرکوت و نایەکسانی و نادادوەرین، پێویستە لە دووی ڕەگوڕیشەی سەرهەڵدانی چەوسانەوە و ئامرازەکانی ڕاگرتنی و دەزگە ئاراستەکەرەکانی و ئایدیۆلۆجییە پارێزەرەکانی و هەروەها هێز و بەرەیەك کە دەیپارێزین بگەڕێین و خۆمان بە یداکردنی وەڵامی ئەم پرسیارە هەردەم ئامادانەی سەردەمەکانی مێژوو خەریکبکەین.

- ئایا پێکهێنەرانی هێزە سەرکوتگەرەکان [سەرباز، پۆلیس، سیخوڕ، تیرۆریست، ئەشکەنجەدەر ...] کێن؛ منداڵا دەوڵەمەندان و ڕامیاران و دەسەڵاتداران...تد] یا منداڵانی ژێردەستان [جوتیار و کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا و ...تد]؟ چی ناچار بە پاراستنی سەروەریی خۆیانی دەکات ؟

- ئایا بە گۆڕینی ئەم لیست و قەوارە و پارتیی و بەرە بە ئەوی دیکە لە ڕێگەی پارلەمانەوە یا گۆڕینی دەوڵەتی ئایینی و لیبراڵ و نەتەوەیی بە دەوڵەتی کرێکاری و کۆمونیستی لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە یا ڕاپەڕینی خوێنابیەوە، دەتوانێت کۆتایی کۆمەڵ و سیستەم و سەروەریی و کولتووری چینایەتی بێت؟

- ئایا گۆڕانی سیستەمی بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵ هەر لە ڕێگەی پارلەمان و پارتایەتی و ڕامیاریی و دەوڵەتەوە دەبێت یا ڕێگەی دیکە بوون و ئەگەری هەیە؟

- گەر وەڵام بە پرسیاری سێیەم، نەرێیە، ئایا دەتوانین بڵێین مرۆڤایەتی لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بەم چارەنووسە [پێداویستی دەوڵەت و نەگۆڕیی سەروەریی چینایەتی] سزاوارکراوە؟

- ئەگەر وەڵام بە پرسیاری سێیەم، ئەرێیە، ئایا بەبێ ڕەخنەگرتن لە خۆشباوەڕیی و ئامادەیی و سوپاسگوزاری زۆرینەی کۆیلە، شۆڕش بەواتای گۆڕ ـی کۆمەڵایەتی توانا و ئەگەری ڕوودانی هەیە؟

- ئەی ئایا بە یاخیبوونی کۆیلە گرەکان و لەنێوبردنی دەوڵەت وەك دەزگەی سەروەریی [درۆشکەی سەرمایداران و ڕامیاران] یان دەوستێت و کاروبارەکانی کۆمەڵ بەڕێوەناچن و ئەو بێسەرەوبەرەییە ڕوودەدات، کە ڕامیاران [بە چەپ و ڕاستەوە، بە سێکیولار و ئاییندارەوە] ئێمەی کۆیلەی پێدەترسێنن؟

